ئامانجەکانی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تاران

نێچیرڤان بارزانی لە چوارەمین سەردانیدا وەکوو بەرپرسی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ دەگاتە تارانی پایتەخت.

ئاژانسی هەواڵی مەهر،بڵاویکردەوە: نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەممە بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵای حکوومی، سیاسی و بازرگانی دێتە تاران و چاوی بە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێت.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە کۆتایی مانگی رابردو سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان کۆبووەوە و تەوەری سەرەکی کۆبونەوەکانیش پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو کە ئێستا باس لە دواخستنی دەکرێت.

دەوترێت ئامانجی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێرانە بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئێران بنکەیەکی مووسادی لەناو جەرگەی هەولێردا خاپوور کرد.

هاوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی دڵنیایی پێیە بۆ ئێران کە هەرێمی کوردستان هەڕەشە نییە بۆ سەر ئێران و مەبەستیانە پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا هەبێت.

هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیارە ڕاپۆرتێک بدات لە ڕەوتی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەی ئەمنی نێوان ئێران و عێراق بۆ چەک کردن و دوورخستنەوەی گرووپە کوردە دژبەرەکانی ئێران لە سنوور و خاکی کۆمـاری ئیسلامی ئێران. هەرێمی کوردستان ئەم ڕێککەوتنەی بە باشی ئەنجام داوە و ئێستا هیچ گرووپێک لە سنووردا نییە و هێزی سنوورەوانی عێراق لەوێ جێگیرە.

ئامانجێکی تریشی سەردانەکە وەرگرتنی ڕای ئێرانە لەمەڕ دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. کە پارتی دەیەوێت دوابخرێت و یەکێتی نیشتیمانی، دیکەی حزبە کوردییەکان و عێراقیش ڕازی نین.